# خزمەتگوزاریەکانی پاراستنی گەوران (APS)
# لاپەڕەی ڕاستی لێکۆڵینەوەکان
# Adult Protective Services (APS) Investigations Fact Sheet

خزمەتگوزارییەکانی پاراستنی گەوران (APS) لێکۆڵینەوە دەکات دەربارەی ڕاپۆرتێک کە لەوانەیە تۆ مامەڵەی خراپ، بەجێهێشتن، چەوساندنەوەی دارایی، یاخود فەرامۆشکردنت ئەنجام دابێت لەبەرامبەر کەسێکی گەورەی کەمتوانا. ئەم بەڵگەنامەیە ئاگادارت دەکاتەوە دەربارەی پرۆسەی لێکۆڵینەوە، مافەکانت، وە زانیاری گرنگی تر. وەکو بەشێکی پرۆسەی لێکۆڵینەوە، APS هەڵدەستێ بە پێداچوونەوە بە تۆمارەکان و چاوپێکەوتن لەگەڵ خەڵکیدا دەربارەی دەنگۆ (دەنگۆیەکان).

دەرەنجامی لێکۆڵینەوەکە دەکرێ دەرەنجامی
مەترسیداری هەبێت لەسەر تۆ. تکایە بەوردی ئەمە بخوێنەوە.

| |
|---|
| ئەو لێکۆڵەرەی کە دانراوە بۆ کەیسەکەی تۆ: |
| دەکرێ بگەیتە لایان لەڕێگەی: |

**من چ مافێکم هەیە؟**

- تۆ مافی ئەوەت هەیە کە لایەنی سێیەمت هەبێت (وەکو هاوڕێیەک، پارێزەر، نوێنەری سەندیکا، ئەندامی خێزان، یاخود چاودێریکار) لەگەڵتدابن لەمیانی چاوپێکەوتنەکەدا.
- ئەگەر زمانی ئینگلیزی زمانی سەرەکی تۆ نییە، تۆ مافی وەرگرتنی وەرگێڕت هەیە بێ بەرامبەر (APS ڕێگەی پێنەدراوە کە ئەندامانی خێزان وەکو وەرگێڕ بەکاربهێنێت).
- تۆ مافی ئەوەت هەیە کە بەشداری نەکەیت لە چاوپێکەوتنەکەدا، کە بوەستی، یاخود وادەیەکی تر بۆ چاوپێکەوتنەکە دابنێیت.
- تۆ مافی ئەوەت هەیە کە بەڵگەنامە بدەیت بە APS یاخود شایەد دابین بکەیت کە پەیوەندیدار بێت بە دەنگۆیەکانی سەر تۆ.

**چۆن APS ئاگادارم دەکاتەوە دەربارەی دەرەنجامی لێکۆڵینەوەکە؟**

- APS بڕیارێک دەدات لەسەر بنەمای ئەو بەڵگانەی کە APS کۆیان دەکاتەوە لەمیانی لێکۆڵینەوەکەدا. جۆری بڕیارەکان کە APS دەریدەکات بەم شێوەیەن:
  - **سەلمێنراو:** بەئەگەری زیاترەوە کە ئەو ڕووداوی ڕاگەیەندراوە (دەنگۆیەکان) ڕوویان داوە
  - **نەسەلمێنراو:** بەئەگەری زیاترەوە کە ئەو ڕووداوی ڕاگەیەندراوە (دەنگۆیەکان) ڕوویان نەداوە
  - **یەکلایی نەکراوە:** ناکرێ ئەوە دیاری بکرێت کە ئەو ڕووداوی ڕاگەیەندراوە (دەنگۆیەکان) ڕوویان داوە یاخود نا.
- ئەگەر APS ئەوەی بۆ دەرکەوت کە ئەگەری ئەوە هەیە کە کارەکە ڕوویداوە، APS ئاگادارت دەکاتەوە لەڕێگەی ناردنی نامەیەک لەڕێگەی پۆستەی پشتپێبەستراو و پۆستەی ئاسایی.
- ئەگەر APS ئەوەی بۆ دەرکەوت کە ئەگەری ئەوە هەیە کە کارەکە ڕووینەداوە، ئەوا APS بەشێوەی زارەکی ئاگادارت دەکاتەوە. APS دەکرێ نامەیەکت بۆ بنێرێت ئەگەر داوای بکەیت.
- ئەگەر APS نەتوانێ ئەوە دیاری بکات کە کارەکە (دەنگۆیەکان) ڕوویان داوە یاخود نا، ئەوا APS بەشێوەی زارەکی ئاگادارت دەکاتەوە. APS دەکرێ نامەیەکت بۆ بنێرێت ئەگەر داوای بکەیت.
- ئەگەر APS ناونیشانی ئێستای تۆی لانەبێت، ئەوا نامەکە بۆ ناونیشانێکی هەڵە دەنێرن، وە دەکرێ تۆ ئاگاداری دوا وادەی گرنگ دەربارەی کەیسەکەت نەبێت.

**دەرەنجامی سەلمێنراو مانای چییە؟**

ئەگەر APS بڕیاربدات کە دەنگۆیەکان دەربارەی مامەڵەی خراپ، فەرامۆشکردن، جێهێشتن یاخود چەوساندنەوەی دارایی "سەلمێنراون"، ئەوا تۆ دەکرێ داوای دانیشتنی گوێگرتن بکەیت ئەگەر ڕازی نەبیت لەسەر دەرەنجامەکان. ئەگەر لەکۆتایی دانیشتنی گوێگرتندا بڕیاری APS پشتڕاست کرایەوە، ئەوا ناوت لە تۆمارێکدا دادەنرێت.

**بوونی ناوت لە تۆمارەکەدا مانای وایە کە تۆ ناتوانی کاربکەیت یاخود بەخۆبەخش کاربکەیت لەهیچ شوێنێک کە ئەگەری ئەوە هەبێت پەیوەندی بەبێ سەرپەرشتیت هەبێت لەگەڵ کەسانی گەورەی کەمتوانا یاخود منداڵان. لەئێستادا هیچ ڕێگایەک نییە بۆ دەرهێنانی ناوت لە تۆمارەکەدا.**

**ئایا دەتوانم تانە لە بڕیاری APS بدەم؟**

- ئەگەر APS بڕیار بدات کە دەنگۆی ڕووداوەکان **نەسەلمێنراون** یاخود **یەکلایی نەکراونەتەوە**، پێویست ناکات کە هیچ شتێک بکەیت.
- ئەگەر APS بڕیار بدات کە دەنگۆی ڕووداوەکان **سەلمێنراون** و تۆش ڕازی نیت لەسەر بڕیارەکە، ئەوا دەکرێ داوای دانیشتنی گوێگرتن بکەیت. نامەی APS پێت دەڵێت کە چۆن دەتوانی ئەم کارە بکەیت.

**بۆ داواکردنی دانیشتنی گوێگرتن، تۆ کاتت هەیە تەنیا تاوەکو کاتژمێر 5:00 ی ئێوارە لە ڕۆژی 30 مانگی ساڵنامە دوای بەرواری نامەی بەشی ئاگاداری نێردراو یاخود ڕاستەوخۆ بۆ خودی خۆت نێردراوە، کامەیان زووتر بێت.**

**بۆ زانیاری زیاتر**

دەکرێ زانیاری زیاتر بەدەست بهێنیت دەربارەی APS بەشێوەی ئۆنلاین بەهۆی https://www.dshs.wa.gov/altsa/adult-protective-services-aps.